# ڕوقیەی شەرعی

پێناسەی ، شێوازی ، مەشروعیەتی ، چۆنێتی ڕوقیە لە قورئان و سوننەتدا ، مەرجەکان ، ڕێساکانی ، حوکمی خۆیەکلا کردنەوە بۆی ، لەگەڵ چۆن پارێزراو بین لە سحر و جادوو

---


نوسینی

شێخ : إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان


---


لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئاتِ أعمالنا، من يهده الله فلا مضلّ له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهدُ أن لا إله إلاّ الله وحده لا شريك له وأشهدُ أن محمداً عبده ورسوله ، أما بعد :

## پێشەكی

گومانی تێدا نییە كە مرۆڤ لەم ژیانەدا ئەگەری توش بونی هەیە بە مەترسی و نەخۆشی و ڕووداو، خوای گەورە فەرموویەتی: [ لقد خلقنا الإنسان في كبد ] سورة البلد آية (٤)

واتە: بەڕاستی مرۆڤمان لە سەختی و ناڕەحەتی دروست كردووە ، لەبەرێكردنی دژواریەكانی ژیان .

واتە مرۆڤ هەمیشە ڕووبەڕوی ناخۆشی و موصیبەتی دونیا و دوارۆژ دێت، ولەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێك تووشی نابێت لەوانە ئیلا خوا لەسەری نووسیوە، بەڵام جاری وا هەیە هەندێ لەو مەترسیانە لێی لادەدرێت لەبەر ئەم هۆكارانەی خـــوارەوە:

١- بەزەیی و سۆز و ڕەحم و فەزڵی خوا بۆ بەندەكەی.

٢- پاراستنی سنورەكانی شەرع لەلایەن بەندەوە كە دەبێتە هۆی ئەوەی خوای گەورەش بیپارێزێت. (احفظ الله يحفظك) .

٣- خواناسین لەكاتی خۆشی و كامەرانیدا بەجێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی و دووركەوتنەوە لە نەهی لێ كراوەكانی دەبێتە هۆی ئەوەی خوای گەورەش لەكاتی ناخۆشی و ناڕەحەتیدا بتناسێت لەبەر فەرموودەی: (تعرّف إلى الله في الرخاء يعرفك في الشدّة) .

٤- نزيك بوونەوە لە خوا بە صەدەقە كردن چونكە صەدەقە بەڵا لادەبات بە ئیزنی خـوا.

٥- زۆر زیکرکردن لەوانەی کە لە قورئان وفەرمووددەدا هاتوون.

٦- پەنابردن بۆ خوا و پێوەی پەیوەست بوون و باوەڕبوون بەوەی کە هیچ ڕێگرێك نییە لە بەخشینی ئەو و هیچ بەخشەرێکیش نییە لەوەی ئەو ڕێگری لیێ بکات ، و وە سوود و زیان هەمووی بەدەستی خوایە و ئەوەش بزانیت کە ئەگەر هەموو ئوممەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی زەرەر و زیانێکی پێ بگەیەنن ناتوانن هیچ زیانێکی لیێ بدەن ئیلا بە شتێك نەبێت کە خوای گەورە لەسەری نووسیبێت.

جا هەموو ئەوانەی باس کران هۆکاری دڵئارامی و ئاسوودەیین و مرۆڤ سەلامەت دەکەن لە بەڵا و کارەسات و مەترسی، وە ئەگەر بەڵایەکیش بەسەر بەندەدا هات ئەوا دروستە بۆی دەست بە هۆکارێکەوە بگرێت لەوانەی کە لای دەبات چونکە خوای گەورە هیچ دەرد ونەخۆشیەکی دانەبەزاندووە ئیلا چارەسەرەکەشی بۆ دابەزاندووە جا ئەوەی دەیزانێت ئەوا زانیویەتی و ئەوەشی نەیزانێت ئەوا نەیزانیوە.

وە گرنگترین هۆکار بۆ لابردنی زۆرێك لە بەڵاو نەخۆشیەکان بریتیە لە روقیەی شەرعـی، جا پێناسەی روقیەی شەرعی چییە؟ شێواز و چۆنێتی روقیەی شەرعی چۆنە؟ مەرجەکانی چین وکامانەن؟ بەڵگە چییە لەسەری لە قورئان وسوننەتدا؟ وە ڕێسا و ڕێکارە شەرعیەکانی ڕوقیە چین؟

## یەکەم : پێناسەی ڕوقیەی شەرعی

ابنُ منظور لە کتێبی (لسان العرب)دا ٣/٤٩٩ دەڵێت:

" روقیە واتە پەناگرتن کە مرۆڤ خۆی پێ دەپارێزێت و روقیەی پێ دەکات لە ترس وبیمدا، دەوترێت: فلانە کەسم پەنادا بە الله وناوەکانی ئەگەر بڵێیت: (أعيذك بالله وأسمائه من كلِّ ذي شرٍّ) .

کەوابوو روقیە بریتیە لە پەناگرتن و دەست پێوەگرتن.

وە پێك دێت لە خوێندنی چەند ووشەیەك بەسەر کەسی تووش بوودا بە ئومێدی چاك بوونەوەی.

## دووەم : شێواز و سیفەتەکەی

ئەوەیە کە کەسەکە دەخوێنێت بەسەر ئەو شوێنەی کە ئازاری هەیە لە خۆیدا یان جگە لەخۆی و دەستی ڕاستی لەسەر دادەنێت و دەستی پێدا دەهێنێت یان دەخوێنێت بەناو دەستیدا و فووی پێدا دەکات لەدوای خوێندنەکەی بەبێ تف بەڵکو تەنها فوو دەکات بەنێو لەپیدا و دواتر دەیهێنێت بەسەر شوێنی ئازارەکەدا، جا هەموو ئەمانە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی داون و ئیقراری کردووە.

## سێیەم : مەشروعیەتی ڕوقیە

ڕوقیە کردن ناسراو بووە لەنێو خەڵکیدا پێش ئیسلامیش، لەسەرەتادا ئیسلام ڕێگری لێ کرد و پاشان ڕوخسەتی لەسەر دا و ڕێگەی پێدا بەمەرجێك شیرك و قسەی ناڕوونی تێدا نەبێت.

- لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە عەوفی کوڕی مالکەوە ﷺ دەڵێت: ( كُنَّا نرقي في الجاهليةِ ، فقلنا : يا رسول الله كيف ترى في ذلك؟ فقال: اعرضوا عليَّ رُقاكُم ، لا بأس بالرقي ما لم يكن فيه شركٌ).واتە: ئێمە لە سەردەمی نەفامیدا ڕوقیەمان دەکرد، جا وتمان ئەی پێغەمبەری خوا تۆ ئەو بابەتە چۆن دەبینی؟ ئەویش فەرمووی: ڕوقیەکانتانم پێ بڵێن، ڕوقیە کردن هیچی تێدا نییە و ئاساییە ئەگەر شیرکی تێدا نەبێت.

- پێشەوا موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە جابری کوڕی عبداللە وە ﷺ دەڵێت: (نهى رسولُ الله – ﷺ – عن الرُّقَى فجاء آلُ عمرو بن حزم إلى رسول الله فقالوا: أنّه كانت عندنا رقيةٌ نرقي بها من العقرب ، وإنّك نهيت عن الرُّقى ، قال: عرضُوها عليه ، فقال: ما أرى بأساً من استطاع منكم أن ينفع أخاهُ فليفعل) شرح النووي لمسلم (١٤/١٨٦) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کرد لە ڕوقیە کردن، جا خانەوادەی عەمری کوڕی حەزم هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا و وتیان: ئێمە جۆرە ڕوقیەیەکمان هەبوو کە ڕوقیەمان پێ دەکرد لە دووپشك، جا ئەوەتا تۆ نەهیت کردووە لە ڕوقیە، ئەویش فەرمووی: ڕوقیەکەتانم پێ بڵێن، ئەوەبوو فەرمووی: هیچی تێدا نابینم بۆیە هەرکامەتان توانیتان سوود بە برایەکی بگەیەنێت با بیکات.

- لە بوخاری موسلیمدا هاتووە لە عبدالرحمن ی کوڕی ئەسوەدەوە ئەویش لە باوکیەوە دەڵێت: (سألتُ عائشةَ عن الرقيةِ من الحُمةِ ، فقالت: رخّص النبيُّ - ﷺ - الرقية من كل ذي حُمةٍ) .واتە: پرسیم لە عائیشە سەبارەت بە ڕوقیەکردن لە ماروودوپشك (هاوشێوەکانی) ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی داوە بە ڕوقیەکردن بۆ هەموو گیاندارێکی ژەهرداری وەکو مار و دوپشك.

پێشەوا ابن حجر لە (الفتح)دا ١٠/٢٠٥ دەڵێت:

" کە دەڵێت: ڕێگەی داوە ئاماژەی ئەوەی تیـدایە کە نەهی لە ڕوقیەکردن پێشتربووە "

وە پێشەوا الخطابيُّ رحمه الله دەڵێت:

" الحُمةُ واتە هەر گیاندارێکی زیانبەخشی ژەهرداری وەکو مار ودوپشك ".

* * * * * *

## چوارەم : روقیە لە قورئاندا

خوای گەورە دەفەرموێت: [ونُنزّلُ من القرآنِ ما هو شفاءٌ ورحمةٌ للمؤمنين ..] سورة الإسراء (٨٢) .

واتە: ئێمەش لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزتان بۆ دائەبەزێنین بۆ ئەوەی ببێت بە شیفای دڵان لەنەخۆشیەکان ، وەك گومان و دوو ڕووی و نەفامی ، وەئەوەش کەخوێندنەوەیان بەسەر جەستەکاندا دەبنە شیفا بۆیان ، وەئەوەش کەدەبێتە هۆکاری بەدەستهێنانی بەزەیی خوای پەروەردگار بەوەی تێیدایە لەباوەڕهێنان.

خوای گەورە دەفەرموێت: [قل هو للذين آمنوا هُدىً وشفاءٌ] سورة فصلت (٤٤)

واتە: بڵێ : ئەم قورئانە ڕێنیشاندەر و ڕزگاریکارە لە گومڕایی بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی هێناوە ﷺ ، وە شیفایە بۆ ئەو نەخۆشی و گومانانەی کە لە دڵ دەروندایە.

جا ئەگەر سەرنج بدەیت لە وشتەی (شیفا) کەلەئایەتەکەدا هاتووە نالێت(چارەسەر) چونکە شیفا دەرئەنجامی چاکبوونەوەیە بەڵام چارەسەر جاری وا هەیە شیفای بۆ دێت و جاری واش هەیە نەخێر.

پێشەوا ابن القيم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

" قورئان چارەسەری تەواوی هەموو نەخۆشیەکانی جەستەو دڵە و نەخۆشیەکانی دونیا و دوارۆژ، وە هەموو کەسێکیش ساز و سەرکەوتوو نییە بۆ ئەوەی شیفا لە قورئان وەربگرێت،

و هەرکەسێکی نەخۆش بەچاکی قورئان بەکاربهێنێت و لەشوێنی نەخۆشیەکەی دای بنێت بەڕاستی و دڵسۆزی و بەوپەڕی باوەڕەوە کە مەرجەکانی تێدا بێت ئەوا هەرگیز نەخۆشیەکە بەرگەی ناگرێت، جا چۆن نەخۆشیەکان بەرگەی فەرمایشتی پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی دەگرن کە ئەگەر دابەزیایە بەسەر شاخەکاندا پارچە پارچە دەبوون یان بەسەر زەویدا ئەوا هەڵدەقڵیشا؟ بۆیە هیچ نەخۆشیەکی دڵ و جەستە نییە ئیلا ڕێگەی چاك بوونەوەو چارەسەربوونی لە قورئاندا دەستنیشان کراوە و ئاماژەی بۆ کراوە یان بۆ هۆکارەکەی، جا ئەوەی قورئان شیفای نەدات و بەسی نەبێت ئەوا خوا شیفای نادات و بەسی نییە .

زاد المعاد لابن القيّم (٤/٣٥٢) .

وە هەروەها قورئان چارەسەری نەخۆشیە ئەندامیەکانە، چونکە زۆربەی ئەو نەخۆشیانە هۆکارەکەی بریتیە لە شەیتان لەبەر ئەوەی ئەو بەناو بۆڕی و دەمارەخوێنەکانی مرۆڤدا دێت و دەڕوات، لەبەر فەرمودەی: ( إن الشيطانَ يجري من ابن آدم مجرى الدَّم) متفقٌ عليه،

واتە: شەیتان لەڕێگەی دەمارەخوێنەکانەوە بەناو لەشی ئادەمیزاددا دێت و دەڕوات. نمونەی ئەوەش وەکو تــوڕەیی کە بنچینەی زۆرێك لە نەخۆشیەکانە وەکو شەکرە و قورحەی گەدە و قۆلۆنی عصبــی و سەرئێشە و جەڵتە وسەکتەی مێشك و شەلەلی کتوپڕ و زەبحەی سنگ و نەخۆشیەکانی دڵ و جگە لەوانەش، وە توڕەییش لە شەیتانەوەیە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: [واذكر عبدنا أيُّوبَ إذْ نادى ربَّه أنِّي مسنيَ الشيطانُ بنُصب وعذاب] ص (٤١)

واتە: باسی بەندەمان ئەیوب بکە ـ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ـ ، کاتێك کە لەپەروەردگاری پاڕایەوە و وتی : شەیتان بووەتە هۆکاری ناڕەحەتی و ماندوێتیم ، و ئازارێك لە جەستە ومالٌ و خانەوادەمدا .

هەروەها نەخۆشی تێك چوونی سوڕی مانگانە کە هۆکارەکەی شەیتانە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك حەمەنەی کچی جەحش لێی پرسی و وتی: من لەدوای تەواو بوونی سوڕی مانگانەش هەر خوێنم بۆ دێت؟ ئەویش فەرمووی: (إنما هي ركضةٌ من ركضات الشيطان) صحيح سنن الترمذي (١٢٨)

واتە: ئەوە لێدانێکە لە لێدانەکانی شەیتان.

هەروەها نەخۆشی شەلەل، جن ئەندامەکانی کەسی تووش بوو دەگرێت و دەیوەستێنێت لە جوڵە، و ئەگەر قورئانی بەسەردا بخوێنرێت ئەوا ئەو لاشەیە جێ دەهێڵێت و نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە بە ئیزنی خـوا.

بەهەمان شێوە نەخۆشیە دەروونیەکان وەکو گۆشەگیری و وەسوەسە و بێزاربوون و جگە لەوانەش ئەوا قورئان شیفایە بۆ خەڵکی و هەموو نەخۆشیەکانیش، هەربۆیە کاتێك پێغەمبەری خواﷺ دەچێتە ژوورەوە بۆ لای عائیشە لەو کاتەدا ئافرەتێك چارەسەر دەکات، پێی دەفەرمویت: (عالجيها بكتاب الله) واتە: بە قورئان چارەسەری بکە.

أخرجه ابنُ حبان في صحيحه (١٤٩) وهو في سلسلة الأحاديث الصحيحة للألباني رحمه الله برقم (١٩٣١).

راجع تجارب ابن تيمية وابن القيِّم في زاد المعاد – كتاب الطب .

**ئاگاداری:** نابێت لەوانەی پێشوو ئەوە تێبگەیەنرێت کە بەکارهێنانی هۆکارە شەرعیەکان پشتگوێ بخرێن وەکو رۆیشتن بۆ لای پزیشك و نەخۆشخانە بۆ چارەسەر، بەڵام بنچینەی چارەسەری هەموو نەخۆشیەکان قورئانە و هاوکات لەگەڵیدا هۆکاری تریش بەکاردەهێنرێت وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: (لكل داءٍ دواءٌ ، فإذا أصاب الدواءُ الداءَ برئ بإذن الله عزّ وجل) رواه مسلم (١٩١/١٤)

واتە: بۆ هەموو نەخۆشیەك چارەسەرێك هەیە، جا ئەگەر چارەسەرەکە هاوکات بوو لەگەڵ نەخۆشیەکەدا ئەوا بە ئیزنی خوا چاك دەبێتەوە.

هەروەها دەفەرمویت: (إن كان في شيء من أدويتكم خيرٌ ففي شرطةِ محجمٍ أو شربةِ عسل) رواه البخاري (١٥٩/٧) .

واتە: ئەگەر خێر وچارەسەر لەو شتانەدا هەبێت کە ئێوە بەکاریان دەهێنن ئەوا لە کەڵەشاخ و خواردنی هەنگوین دایە.

- **سوودێـــك:** روقیە نەکردن بە قورئان جۆرێکە لەجۆرەکانی پشت کردن لە قورئان.

پێشەوا ابن القيم – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

" جۆرەکانی پشت کردن لە قورئان، پشتکردن لە گوێ گرتن لە قورئان و باوەڕهێنان پێی، وە پشتکردن لەکارکردن پێی و ڕاوەستان لە سنورەکانی حەڵاڵ کردن و حەرام کردنیدا، وە پشتکردن لە حوکم کردن پێی و گەڕانەوە بۆ لای حوکمەکانی لە ئەصل و فەرعی دیندا، وە پشتکردن لە وردبونەوەو تێفکرین لێی و شارەزابوون لەوەی بێژەری قورئان چی دەوێت و

مەبەستی چیە لێی، وە پشتکردن لە روقیەپێکردنی و چارەسەرپێکردنی، وە هەموو ئەمانە دەچێتە ژێر ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: " [وقال الرسولُ ياربِّ إنَّ قومي اتخذوا هذا القرآن مهجوراً] سورة الفرقان (٣٠).

واتە: پەیامبەریش شکاتحالّی ئەوە دەکات کە گەلەکەی دەیکرد و دەڵێت : ئەی پەروەردگارم بێگومان گەلەکەم وازیان لەم قورئانە هێنابوو و نێوانیان لەگەڵدا بڕیبوو ، و ڕۆچووبوون لە پشتهەڵکردن و تێفکران لێی و کارپێکردن و گەیاندنیان بۆی . وە ئەم ئایەتە هەڕەشەیەکی ترسناکی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە نێوانبڕن لەگەڵ قورئاندا بەوەی کردەوەی پێناکەن . هەرچەندە هەندێك لە جۆرەکانی پشتکردن ئاسانتر و سووکترن لە هەندێکی تریان" الفوائد ص١٠٧.

- پێشەوا ابن حجر ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

" ابن التين دەڵێت: روقیە کردن بە (المعوذات ) وجگە لەوەش بە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە بریتیە لە پزیشکی ڕۆحانی، ئەگەر لەسەر زمانی کەسانی چاکەکار بێت لەنێو خەڵکدا ئەوا شیفا دێت بە ئیزنی خوا، جا کاتێك ئەم جۆرە دەگمەن و نامۆ بوو لەنێو خەڵکدا، ئیتر خەڵکی پەنا و ڕوویان کردە پزیشکی جەستەیی و ئەو جۆرە روقیەیانەی کە نەهی لێ کراوە و کەسەکە دەیخوێنێت و جگە لەوانەش..." فتح الباري (١٠/١٩٥) .

### پێنجەم : روقیە لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ :

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم کارەی بە جوانی ڕوون کردەوە بۆ خەڵکی چونکە هەر لە پێش ئیسلامیشەوە روقیەکردن هەبووە لەنێویاندا بۆیە ڕێگەی ئەو کارەی پێ دان بەو مەرجەی شیرك وتاوانی تێدا نەبێت و فەرمووی:

(اعرضوا عليَّ رقاكُم لا بأس بالرُّقى ما لم يكن فيه شركٌ) رواه مسلم

واتە: ئەو شتانەی کە لەروقیەکردندا دەیخوێنن پێم بڵێن و هیچی تێدا نییە ئەگەر شیرکی تێدا نەبێت.

نەك هەر ئەوەش بەڵــکو هانی دان لەسەر روقیەی شەرعی و فەرمووی:

( .. من استطاع منكم أن ينفع أخاهُ فليفعل) رواه مسلم. واتە: هەرکەسێکتان توانی سوود بە براکەی بگەیەنێت ئەوا با بیکات.

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ حوکمی روقیە و جۆرەکانی و وشە ولەفزەکانی فێر کردین و لەوەش:

- لە عائیشەوە – رەزای خوای لێ بێت- دەڵێت:

( كانّ رسولُ الله – ﷺ- إذا اشتكى منَّا إنسانٌ (مسحَهُ بيمينه) ثم قال (اللهُمّ رَبَّ النّاسِ. إذهَبِ البَأْسَ وَاشفِ أنتَ الشّافِي. لاشِفاءَ إلاّ شِفاءُكَ. شِفاءاً لا يُغادِرُ سَقَماً) رواه مسلم (٢١٩١) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر یەکێك لە ئێمە سکاڵای ئێش وئازار ونەخۆشی بکردایە ئەوا دەستی ڕاستی بەسەردا دەهێنا و دەیفەرموو: (اللهُمّ رَبَّ النّاسِ. إذهَبِ البَأْسَ وَاشفِ أنتَ الشّافِي. لاشِفاءَ إلاّ شِفاؤُكَ. شِفاءاً لا يُغادِرُ سَقَماً).

واتە: خوایە پەروەردگاری خەڵکی، ئەم ئازارە لابەرەو شیفای بدە خۆت شیفا دەری دەردانی، هیچ شیفایەك نی یە جگە لە شیفای تۆ، شیفایەك کە هیچ نەخۆشی یەك جێ ناهێڵێ.

- ابن عباس رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ حەسەن وحوسەینی پەنا دەدا و دەیفەرموو: (أعيذكما بكلماتِ الله التامّةِ من كلِّ شيطانٍ وهامّةٍ ، ومن كلِّ عينٍ لامَّةٍ) رواه البخاريُ – فتح الباري (٢٩٢/٦) .

واتە: پەناتان دەدەم بە ووشە تەواوەکانی خوای گەورە، لە هەموو شەیگان و گیانلەبەرو زیندەوەرێکی زیانبەخشی خاوەن ژەهر. وە لە هەموو چاوێکی لۆمەکراوو پیس. ( یان – مِنْ کُلِّ عَينٍ لامّة – واتە: لە هەموو دەردو نەخۆشییەك کە مرۆڤ دەیگرێ لە شێتی و کەم عەقڵی)

- لە عوسمانی کوڕی ئەبی العاصی سەقەفیەوە رضي الله عنه دەڵێت: سکاڵام بردە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر ئازارێـك کە لەجەستەمدا بووە لەوەتەی موسڵمان بووم، ئەویش پێی فەرمووم: دەستت بخەرە سەر ئەو شوێنەی کە ئازاری هەیە لە جەستەتدا و سێ جار بڵێ:

بسم الله و پاشان حەوت جار بڵێ: (أعوذ باللهِ وقدرتِهِ من شرِّ ما أجدُ وأحاذرُ) رواه مسلم وأبو داود وغيرهما.

واتە: پەنا ئەگرم بە خوای گەورەو قودرەت و توانای لە خراپەی ئەو ئازارەی هەستی پێ‌ئەکەم و سڵی لێ دەکەمەوە.

- لە ئەبی سەعیدی خودریەوە ﷺ کە جبریل – علیه السلام- هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی ئەی موحەممەد ئازارت هەیە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، ئەویش فەرمووی: (بسم اللهِ أرقيكَ من كُلِّ شيءٍ يؤذيك ، ومن شرِّ كل نفسٍ أو عينٍ أو حاسدٍ ، اللهُ يشفيكَ ، بسم الله أرقيك) صحيح سنن ابن ماجه (٢٨٤٠) .

واتە: بە ناوی خواوە دوعات بۆ دەکەم لە هەموو شتێك کە ئەزیەتت دەدات و لە خراپەی هەموو نەفسێك یان چاوی حەسوود بەرێك کە حەسودیت پێ دەبات خوا شیفات بدات، بە ناوی خواوە دوعات بۆ دەکەم.

- لە عائیشەوە – رەزای خوای لێ بێت- دەڵێت: پێغەمبەری خـــوا ﷺ ئەگەر ئازاری هەبوایە ئەوا (معوذات)ی بەسەر خۆیدا دەخوێند، و دەستی بەسەردا دەهێنا، بەڵام لەو نەخۆشیەی کە تێیدا وەفاتی کرد، من ئەو سورەتانەم دەخوێند بەسەریدا و دەستەکانی خۆیم دەهێنا بەسەر جەستەیدا لەبری ئەو. متفق عليه – فتح الباري (١٣١/٨) .

- له ابن عباسەوه ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هیچ موسڵمانێك نییه كه سەردانی موسڵمانێكی نەخۆش بكات و حەوت جار بڵێت: ( أسألُ اللهَ العظيمَ ربّ العرشِ العظيم ، أن يشفيكَ).

واته: داوا ئەكەم له خوای مەزنی پەروەردگاری عەرشی مەزن كه شیفات بدات.

ئیلا خوای گەوره شیفای دەدات مەگەر ئەجەلی نزیك بووبێتەوه. صحيح سنن الترمذي (١٦٩٨)

- له عبدالعزیزی كوڕی صوهەیبەوه – ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: من و سابت چووین بۆ لای ئەنەسی كوڕی مالك ﷺ سابت ووتی: ئەی باوكی حەمـزه من ئازارم هەیه، ئەنەسیش ووتی: به ڕوقیەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوقیەت بۆ نەكەم وتی: بەڵێ، ئەویش وتی: (اللهُمّ رَبَّ النّاسِ. إذهَبِ البَأْسَ وَاشفِ أنتَ الشّافِي. لاشِفاءَ إلاّ شِفاؤُكَ. شِفاءاً لا يُغادِرُ سَقَماً).رواه البخاري – فتح الباري (١٠/٢٠٦) .

- له ئەبی سەعیدی خودریەوه ﷺ كۆمەڵێك له هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆیشتن بۆ گەشتێك، هەتا له گەڕەكێك له گەڕەكەكانی عەرەب لایان دا و داوایان كرد كه میواندارییان بكەن ئەوانیش نەیان كرد، جا ئەوەبوو گەورەی ئەو شوێنه مار یان دووپشك پێوەی دا و هەموو هەوڵێكیان لەگەڵیدا دا بەڵام سوودی نەبوو، هەندێكیان وتیان: با بچین بۆ لای ئەو كۆمەڵه كەسەی كه لای ئێوه دابەزیون و لایان داوه، جا هاتن بۆ لایان و وتیان: ئەی كۆمەڵ، گەورەكەمان گیانداری بەژەهر گەستوویەتی و هەموو هەوڵێكمان لەگەڵیدا سوودی نەبوو، ئایا هیچ شتێكتان لا هەیه سوودی پێ بگەیەنێت؟ ئەمانیش له وەڵامدا

وتیان: بەڵێ، کەسمان هەیە کە روقیە بکات، بەڵام ئێمە هاتین بۆ لاتان و داوای میوانداریمان کرد لێتان کەچی ئێوە قەبوڵتان نەکرد و میوانداری ئێمەتان نەکرد، بۆیە ئەگەر شتێکمان بۆ دانەنێن روقیەتان بۆ ناکەین، ئیتر لەسەر ئەوە رێککەوتن کە ژمارەیەك ئاژەڵیان پێ بدەن، ئەوەبوو رۆیشت لەگەڵیاندا و تفی کرد و سورەتی فاتیحەی خوێند بەسەریدا و چاك بوویەوە ودەستبەجێ هەستایەوە لە نەخۆشیەکەی، ئیتر ئاژەڵەکانیان وەرگرت کەلەسەری رێککەوتبون، ئەوانی تریش وتیان با بەشی بکەین بەڵام ئەوەیان کە روقیەکەی کردبوو وتی هیچ ناکەین هەتا نەچین بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەوەی کردومانە بۆی باس نەکەین و با بزانین چی دەڵێت، ئەوەبوو دەڕۆنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و بۆی باس دەکەن، ئەویش دەفەرموێت: تۆ چۆن زانیت ئەو سورەتە روقیەیە؟ بەڕاستی پێکاتان، ئادەی ئاژەڵەکان بەش بکەن و بەشێکیشی بۆ من دابنێن لەگەڵتاندا. رواه البخاري – فتح الباري (١٠/٢٠٨) ومسلمٌ (٢٢٠١) وغيرهما .

### ئەو سوود و حوکمانەی کە لە فەرموودەکانەوە وەردەگیرێن:

١– مەشروعیێتی تف و فووکردن لەکاتی روقیە خوێندندا بە قورئان و سوننەت.

٢– پابەند وپەیوەست بوون بە روقیەوە بەوەی هاتووە لە قورئان و سوننەتدا لەڕووی شێواز و چۆنێتی وژمارەوە.

٣– مەشروعیێتی دانانی دەستی ڕاست لەسەر شوێنی ئازارەکە یان لەسەر نەخۆشەکە لەکاتی روقیەکەدا.

٤- تایبەت نەکردنی روقیە بە کەسێکی دیاری کراوەوە، بۆیە هەر موسڵمانێك دەتوانێت و بۆی هەیە روقیەی خۆی یان کەسی تر بکات.

- روقیە سوودی بۆ ناموسڵمانەکانیش هەیە لەبەر فەرموودەکەی ئەبی سەعید، چونکە لە ریوایەتی ئەبی داود ونەسائیدا هاتووە کە خەڵکی ئەو شوێنە بەو هاوەڵانەیان ووت: " پێمان ڕاگەینراوە کە ئێوە خێرێکتان هێناوە لای ئەم پیاوەوە، جا ئایا هیچ روقیەیەك یان چارەسەرێکتان لا هەیە.... "

٥- دروستێتی وەرگرتنی کرێ لەسەر روقیە چونکە ئەبی سەعید و ئەو هاوەڵانەی کەلەگەڵیدا بوون سی کاوڕیان وەرگرت، وە هەروەها لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە دەڵێت: (إنّ أحقَّ ما أخذتُم عليه أجراً كتابُ الله) رواه البخاري عن ابن عباسٍ .

واتە: شایستەترین شتێك کە کرێی لەسەر وەربگرن بریتیە لە کتێبەکەی خوا.

بەڵام کەسەکە نابێت خەڵك بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنێت و هەل بقۆزێتەوە بۆ ئەو کارە.

٦- دروستێتی فووکردن بە ناو هەردوو لەپدا بە قورئان وپاشان هێنانی بەدەموچاو وباقی جەستەدا، لەبەر ئەم فەرموودەیەی کە بوخاری گێڕاویەتیەوە لە عائیشەوە کە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ هەرکات برۆیشتایە بۆ سەر جێگای خەو فووی دەکرد بەهەردوو ناولەپیدا و سورەتەکانی (ئیخلاص و الفلق والناس) دەخوێند و پاشان دەیهێنا بەدەموچاو و هەرشوێنێك لە لاشەی کە دەستی پێی بگەیشتایە... فتح الباري (١٠/٢٠٩) .

٧- دروستێتی داواکردنی روقیە لەخەڵکی بەڵام باشتر وایە داوا نەکرێت لەبەر فەرموودەی: (من اکتوى أو استرقى فقد برئ من التوكُّل) رواه الترمذي ابن ماجه وهو في صحيحي سننهما وفي السلسلة الصحيحة رقم (٢٤٤).

واتە: هەرکەس داخ کردن بکات یان داوای روقیە بکات ئەوا بێبەش بووە بە تەوەکول وپشت بەخوا بەستن.

جا بۆیە داخ کردن و داواکردنی روقیە بۆ خوێندن مەکروهە و هەروەها یەکێك لە سیفاتەکانی ئەو کەسانەی کە بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە ئەوانەن کە داوای روقیە بۆ خوێندن ناکەن و داخ ناکەن و رەش بینیان نییە و تەنها پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن. وەکو لە فەرموودەکەی ابن عباسەوە هاتووە لە بوخاری وموسلیمدا.

* * * * * * *

## شەشەم : مەرجەكانی روقیە كردن

ئەگەر روقیەت بۆ خۆت یان كەسێكی تر كرد ئەوا دەبێت لەم كارانەی خوارەوە دووربكەویتەوە:

١- نابێت روقیەكە شیركی بێت: چونكە ئەگەر روقیەكە هاوبەش دانانی تێدا بێت بۆ خوا ئەوا حەرامە، لەبەر فەرموودەی: ( لا بأس بالرّقى ما لم يكن فيه شركٌ) رواه مسلمٌ ، هەروەها ئەو جۆرە روقیەیەی كە سوێند خواردنی تێدایە بە دروستكراوەكانی وەكو خۆر ومانگ و جن و شتی تر، هەروەها روقیەكردن بە هاواركردن و پەنا بردن بۆ دروستكراوان جگە لەخوا بۆ لابردنی ناخۆشی و نارەحەتی لەكاتێكدا ئەوە تەنها لە دەسەڵاتی خوادایە.

پێشەوا البغوی – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

" ئەوەی كە نەهی لەسەرە لە روقیەكردن ئەو جۆرەیە كە شیركی تێدایە یان ناوی شەیتانی تێدا دەبرێت یان هەریەكێك لەوانە بەجگە لە زمانی عەرەبی كە نەزانرێت چییە... ." شرح السُنّة (١٥٩/١٢) .

وە پێشەوا ابن تیمیە – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

" شەرعی نییە روقیە بكرێت بە شتێك كە نەزانرێت ماناكەی چییە بەتایبەت ئەگەر هاتوو شیركی تێدا بێت ئەوا حەرامە، وە زۆربەی ئەوانەی روقیە دەكەن شیركی تێكەڵ دەكەن " الفتاوى لابن تيمية (١٥٩/١٢) .

٢- نابێت روقیەكە سیحری بێت: چونكە سیحر حەرام و كوفرە، و ساحیریش هەرگیز سەرفراز نابێت، وە دروست نییە موسڵمان بچێت بۆ لای ساحیر بۆ ئەوەی روقیەی بۆ بكات لەبەر:

- نادروستێتی رۆیشتن بۆ لای ساحیر لەبەر فەرموودەی: (اجتنبوا السبع الموبقات .. وذكر منها .. السحر) رواه البخاري – فتح الباري (١٠/١٩٨) .

- سیحر بەهیچ شێوەیەك هیچ سوودێكی تێدا نییە لەبەر ئایەتی: [ويتعلّمون ما يضرُّهم ولا ينفعهُم] سورة البقرة (١٠٢) . واتە: ساحیر و جادوگەران تەنها فێری شەڕ وخراپە دەبن كە زیانیان پێدەگەیەنێت وسودی بۆیان نیە.

- هەروەها لەبەر ئەوەی ساحیر سەرفراز و بەختەوەرنابێت لەهەركوێیەكدا بێت وەكو خوای گەورە فەرموویەتی، ئەمەش بە رەهاییە، چونكە ئەگەر سوودێكی تێدا بووایە بۆ كەسێك ئەوا جۆرێك بوو لە سەرفرازی.

- هەروەها لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە جوانی روونی كردۆتەوە بەوەی كە خوای گەورە شیفای نەخستۆتە ناو شتێكەوە كە حەرامی كردبێت وە سیحریش بێگومان حەرامە بۆیە شیفا و سوودی تێدا نییە.

- بەهەمان شێوە روقیەی جادوگەر و کاهن دروست نییە کە هەردوکیان بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب دەکەن، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(من أتى عرَافاً أو كاهناً فصدّقه لما يقول ، فقد كفر بما أُنزل على محمد) رواه أحمد والحاكم عن أبي هريرة وهو في صحيح الجامع الصغير (٥٩٣٩) .

واتە: هەرکەسێك بچێت بۆلای جادوگەر یا کاهنێك و بڕوا بەوە بکات کە دەیڵێت ئەوا کوفری کردووە بەوەی دابەزێنراوە بۆ سەر موحەممەد.

٣- نابێت روقیەکە بەچەند وشە و گوزارشتێکی ناڕوون بێت کە تێگەیشتن لێی ئەستەم بێت، چونکە لەوکاتەدا روقیەکە دەبێتە شیرك.

پێشەوا ابن حجر – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت:

" زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە یەکێك لە مەرجەکانی روقیە ئەوەیە کە دەبێت بە زمانی عەرەبی بێت یان بە زمانێك کە ماناکەی دیار و روون وبێت و هیچ پێچ و ناڕوونیەکی تێدا نەبێت... " فتح الباري (١٠/١٦٦) .

٤- نابێت روقیەکە بەچەند رستە ودەربڕینێکی حەرام بێت: وەکو ئەوەی لەکاتی روقیە خوێندنەکەدا لەشگران بێت یان لەناو گۆڕستان بێت یان لەناو گەرماو وسەرئاو یان لەوکاتەدا سەیری ئەستێرە بکات و هاوشێوەی ئەو کارانە وەکو دەستی یان شوێنێکی بەر شتی پیس بکەوێت بە ئەنقەست یان عەورەتی بەدەربخات چونکە هەموو ئەم کارانە هاوشێوەی کارو چالاکی حاڵی ساحیر و جادوگەرانن.

٥- نابێت روقیە خوێنەکە و ئەو کەسەشی کە روقیەکەی بۆ دەخوێنرێت بڕوایان وابێت کە خودی روقیەکە شیفا دەهێنێت و نەخۆشی وناخۆشی لادەبات بەڵکو ئەوە بە ویست وئیرادەی خوای گەورەیە کە قەدەری ئەوەیە چونکە روقیە خودی خۆی هیچ کاریگەریەکی نییە وبەڵکو بە ئیزن و فەرمانی خوایە.

## حەوتەم : ڕێساکانی روقیەی شەرعی:

١- روقیە و چارەسەر بە قورئان وسوننەت بەڵگەیە لەسەر گەورەیی شەریعەتی ئیسلامی و تەواوێتی ئەو بەرنامەیە ، و هەروەها بەڵگەشە لەسەر فەزڵی دەست گرتن بە حوکمەکانی خوای گەورەوە بەوەی کە پابەندبوون وپەیوەست بوون پێیەوە رێگا وهۆکاری رزگاربوون و قوتاربوونە لە مەترسی و حاڵەت وباری مەترسیدار، وە شیفایش بەئیزنی خوا لەو نەخۆشی و نارەحەتیانە بریتیە لە تاقی کردنەوە وپاك بوونەوە بۆ هەندێ لەباوەڕداران بۆ ئەوەی باوەڕیان زیادبکات و یەقین وپشت بەخوا بەستنیان زۆرتر بێت و بۆ کەسانی تاوانبار و خراپەکاریش بریتیە لە جۆرێك لە سزا وتۆڵە و تورەبون وپێشخستنی سزا بۆ دونیا بۆ ئەوەی بەڵکو بگەرێنەوە و بەخۆدابچنەوە و لێپرسینەوە لەگەڵ خۆیاندا بکەن لەسەر ئەو کەمتەرخەمی و پشت گوێ خستنەیان کە هەیانە وبۆیان دەربکەوێت کە هیچ دەرچە وپەنا و رزگاربوونێکیان بۆ نییە ئیلا لەلایەنی خواوە نەبێت.

٢- ئیخلاص و نیەت پاکی لەکاتی روقیە و هەموو کارێکدا: جا روقیەکاران بەهۆی ئیخلاصیانەوە جۆراوجۆرن و ئەوەش پێوەرە بۆ بەهێزی و کاریگەری روقیەکە، جا ئەگەر روقیە خوێنەکە لەکاتی چارەسەری نەخۆشەکەدا بەڕاستی رووبکاتە خوا و بەخۆبەکەمزانین وبە ئومێدی پاداشتەوە داوا لەخوا بکات و ئەو فەرموودەیە بخاتە بیری خۆی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ( من نفَّس عن أخيه كربةً ، نفَّس اللهُ بها عنه كربةً من كُربِ يوم القيامةِ) صحيح مسلم .واتە: هەرکەسێك ناخۆشیەك لەسەر براکەی لاببات ئەوا خوای گەورە ناخۆشیەکی لە ناخۆشی ونارەحەتیەکانی رۆژی دوایی لەسەر لادەبات. ئەوا بێگومان بە ئیزنی خوا شیفا بۆ نەخۆشەکە دێت و چاك دەبێتەوە.

٣- لە روقیە کردندا دەبێت شوێنکەوتەی شەریعەت بێت و تازەکاری و بیدعە ئەنجام نەدەیت لە میانەی چارەسەرکردندا بۆ نەخۆش، و ئەو بوارە زۆر فراوان نەکەیتەوە و لاسایی جادوگەران نەکەیتەوە لە تەڵەسم و داوای هاوکاری کردن لە جن کە سەردەکێشێت بۆ شیرك، چونکە روقیە عیبادەتێکە لە عیبادەتەکان کە دەبێت ئیخلاص و شوێنکەوتنی شەریعەتی تێدا پەیڕەو بکرێت.

٤- ئەی ئەو کەسەی کە روقیەکە دەخوێنیت هەرگیز چاوەڕێی سوپاس ودەستخۆشی وپاداشت نەکەیت لە هیچ کەس چونکە کەسە چاکەکارو چاکەخوازەکان سیفات وسروشتیان وەهایە کە تەنها لەپێناوی خوادا دەبەخشن و خزمەت دەکەن وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: [إنّما نطعمكم لوجه الله لا نريدُ منكم جزاءً ولا شكورًا] . واتە: ئێمە تەنها لە پێناو ڕەزامەندی خوای پەروەردگار چاکەتان لەگەڵدا دەکەین ، و چاوەڕوانی پاداشتی خوای

پەروەردگارین ، چاوەڕوانی پاداشتی ئێوە نین ، وە مەبەستیشمان سوپاس گوزاری و پیاهەڵدانی ئێوە نیە بۆمان .

٥- روقیە دوعایە بۆ نەخۆش پێش ئەوەی چارەسەر بێت: بۆیە پێویستە لەسەر روقیەخوێنەکە کە نەخۆشەکە پەیوەست بکات بە خوای پەروەردگارەوە و هەمیشە تۆبە وزیکری بیر بخاتەوە، و دەبێت متمانە و ئومێدا لەناخی نەخۆشەکەدا بچێنێت وفێری بکات کە ئەوەی تووشی بووە نەدەبوو لێی لابدات و تووشی نەبوایە، وئەم نەخۆشیەش تاقیکردنەوەیەکە لەلایەن خوای گەورەوە و هەرخوا خۆیشی شیفادەرە بەتەنها، وتاقیکردنەوەش سوننەتی خوایە لەنێو دروستکراوەکانیدا و هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوان و بەرزکردنەوەی پلە لەبەهەشتدا، وە وەصیەتیش بۆ نەخۆشەکە بکات بەوەی کە هەمیشە دەم بەزیکر بێت و قورئان بخوێنێت ونوێژ زۆر بکات چونکە نوێژکردن ئاسوودەیی جەستەیی تێدایە، چەندین نەخۆش هەبووە لەچارەسەری پزیشکی سەرکەوتوو نەبووە بەڵام کە ڕووی کردۆتە نوێژکردن نەخۆشیەکەیان چاك بۆتەوە و خوای گەورە شیفای داوە بەتایبەت شەونوێژ.

## هەشتەم : حوکمی خۆ یەکلاکردنەوە بۆ ڕوقیە خوێندن

حوکمی خۆ یەکلاکردنەوە بۆ روقیە خوێندن بەسەر خەڵکیدا و کردنی بە پیشە چیە؟

پێشتر باسی مەشروعیەتی روقیەمان کرد لەگەڵ مەرجەکانی دروستێتیدا، وە زانیمان کە کرێ وەرگرتن لەسەر روقیە دروست و حەلاڵە، بەلاَم ئایا حوکمی ئەوە چییە کە کەسێك وا ناوبانگ دەربکات لەنێو خەڵکیدا کە روقیە خوێنە و بیکات بە پیشەیەك بۆ خۆی؟

**وەلاَم:** زانایان چەندین زیان و خراپەی روقیە خوێن و روقیە لەسەرخوێنراو باس دەکەن کە لە وەلاَمەکە دەردەکەوێت و ئەمانەش چەند خراپەیەکین:

**یەکەم** : سەرنج ڕاکێشانی چاوی خەڵکی بۆ متمانەدان وبەرزکردنەوەی روقیەخوێن و کەمبونەوەی متمانەیان بە نەخۆشەکە.

**دووەم** : بلاَوبونەوەی ئەم دیاردەیە وا دەباتە مێشکی خەڵکیەوە بەوەی کە پەنابردن و هانابردن بۆ کەسانی روقیەخوێن تەنها ئەوە بریتیە لە ڕێگای تەواو و دروست بۆ چاکبوونەوە و روقیە خوێندن و خۆیانیان بیردەچێتەوە کە سوننەت وایە خۆیان روقیە بۆ خۆیان بکەن و لەوکارەشدا هاناو پەنا بەس بۆ خوا ببرێت و داوای شیفا لەو بکرێت.

**سێیەم** : ئەو کەسەی کە خۆی یەکلادەکاتەوە وتەرخان دەکات بۆ روقیەخوێندن بۆ خەڵکی وەکو ئەوە وایە خۆی تەرخان بکات تەنها بۆ دوعاکردن بۆ خەڵکی، چونکە روقیە ودوعاکردن لەیەك ڕەگەزن، جا ئایا شیاوە بۆ کەسێك بە خەڵکی بڵێت وەرن بۆ لای من دوعای خێرتان بۆ دەکەم؟! ئەمەش پێچەوانەی ڕێبازی سەلەفە، ئەوەتا پێشەوا عومەر رضي الله عنه و

چەندینی تریش پێیان ناخۆش بووە کە داوای دوعای خێریان لێ بکرێت و وتویانە ئایا ئێمە پێغەمبەرین؟

**چوارەم** : بە تەماشاکردنی ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی رضي الله عنهم و زانایانی ئیسلام – رەحمەتی خوایان لێ بێت- نابینین هیچ یەکێکیان خۆیان تەرخان کردبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بەروقیە و کردبێتیان بە پیشە، وە ئەگەر ئەو کارە چاك بووایە ئەوا ئەوان پێش ئێمە دەکەوتن تێیدا.

**پێنجەم** : پێدەچێت روقیەخوێنەکە کە دەبینێت خەڵکی لەبەر دەرگاکەیدا وەستاون وقەرەباڵغیان دروست کردووە بۆ ئەم و چاوەڕێی ئەم دەکەن وا بیربکاتەوە کە یەکێکە لە ئەولیا و پیاوچاکان و بەو هۆیەوە تووشی سەرسام بوون بەخۆبێت و تیابچێت، و شتێك بڵێت بەناوی خواوە بەبێ زانست وزانین و بەنەخۆشێك بڵێت: تۆ هیچت نییە ئیتر ئەو نەخۆشە واز لە زیکر و دوعا سوننەتیەکانیش بهێنێت.

بۆیە لەوەی کە باسمان کرد ئەوە دەردەکەوێت بۆمان کە نابێت خۆیەکلاکردنەوە و خۆتەرخان کردن بۆ روقیە و کردنی بە پیشە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين .

---

# پاشـکـۆ (*)

## نۆیەم : چۆن پارێزراو بین لە سحر و جادو؟

بۆ ئەوەی پارێزراوبن لە سیحر وساحیران، ئەم خالانەی خوارەوە یارمەتیدەر وهاوکارن، بەڵکو بەپشتیوانی خوای گەورە جێبەجێکردنی ئەبێتە «**قەڵای پارێزەر لە جنۆکە وجادوگەر**»[1]، ئەمەش ڕەحمەتی خوای گەورەیە، وسروشتی ئەم شەرعەیە، کاتێك دەرگایەکت لێ دەگرێت دەرگایەکی ترت بۆ دەکاتەوە، کارێکت لێ حەرام دەکات بەدیلەکەیت پێ دەڵێ، کە دەڵێ بەدەستی چەپدا مەڕۆ، دەستی ڕاستی پیشانداوی.

ئێستاش کە ڕێگریمان کرد لە سیحر، ئەوە پارێزەر وچار وچارەسەر:

١. خواردنی حەوت خورمای عەجوەی مەدینە هەموو بەیانیەك. ئەمەش لە باشترین دەرمانەکانە وەکو پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم باسی دەکات، لە هەر دو صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتوە پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: «مَنِ اصْطَبَحَ سَبْعَ تَمَرَاتٍ مِنْ عَجْوَةِ الْمَدِينَةِ لَمْ يَضُرَّهُ ذَلِكَ الْيَوْمَ سُمٌّ وَلاَ سِحْرٌ». واتە: هەر کەسێك بەیانیان حەوت خورمای عەجوەی مەدینە بخوات، ئەو ڕۆژە نە ژەهر ونەسیحر زیانی پێ ناگەیەنێت.

---

(*) **لە کتێبی : قەڵای پارێزە لە ساحر و جادوگەر وەرگیراوە لە نوسینی : مامۆستا علی خان**

[1] ئەم شەرعە قەڵایەکی بۆ موسوڵمان دروست کردوە کەتیری هیچ دوژمنێك پێی ناگات بەڵام موسوڵمانان بێ ئاگان لەدروستکردنی ئەم قەڵا پارێزەرە، ئەم قەڵایەش هەندێکی بریتیە لەو زیکرانەی کە لەشەو ورۆژدا دەخوێندرێت وپەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم فێری کردوین.

لەم فەرمودەدا تایبەت کراوە بەخورمای عەجوەی مەدینە، بەڵام شێخ عەبدولعەزیز ئیبن باز -بە ڕەحمەت بێ- دەفەرموێت: ئەگەر ئەوە دەست نەکەوت، ئومێد دەکەم هەر خورمایەکی تر جێگەی بگرێتەوە.

٢. پەناگرتن بەخوای گەورە، واتە: خۆدان بە دەستی خواوە، وهانا ببەی بۆ خوا، پەنا بگریت لە شەڕی هەمو خاوەن شەڕێك ولە دڕندەیی هەمو دڕندەیەك، چونکە مرۆڤ بەبێ خوا هیچی پێناکرێت، ﴿وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ لە هەرکاتێك هەستت بە وەسوەسەی شەیتان، وتەمبەڵی بۆ خێر وچاکە وئیعازی شەیتان کرد ئەوا پەنا بگرە بە خوا ودەست بگرە بەخوا..

دەگێڕنەوە لە یەکێك لە سەلەفی صالحەوە، بە قوتابییەکەی وتوە: ئەگەر شەیتان تاوانی بۆ جوان دەکردیتەوە چی دەکەی؟ وتی: بە گوێی ناکەم، وهەوڵی لەگەڵ دەدەم، وتی: ئەگەر دیسانەوە هاتەوە، وتی: هەوڵی لەگەڵ دەدەم، وتی: کوڕم ئەمە زۆر ئەکات، ئەگەر بەلای ڕانێکدا تێپەڕ بویت وسەگی شوانە لێی خوڕیت وپەلاماری دایت چی دەکەیت؟ وتی: بەردی تێدەگرم، وتی: کوڕم، ئەمە درێژە دەکێشێت، پەنا ببە بۆ خاوەنەکەی، بەوەش ڕزگارت دەبێت.

لەو کاتانەشی کە تێیدا هاتوە مرۆڤ پەنا بگرێت بەخوا:

٣. لەکاتی نوێژ بەجێگەیاندندا: جوبەیری کوڕی موتعیم ئەڵێ: پەیامبەری خوام صلی الله علیه وسلم بینی نوێژی کرد، دوعای دەست پێکردنی نوێژی خوێند: «الْحَمْدُ لِلهِ كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ»، وفەرموی: «أَعُوذُ بِاللَّهِ السَّمِيعِ العَلِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْخِهِ

وَنَفْثِهِ»، پەنا دەگرم بە خوای بیسەری زانا لە کیبر وشیرك وشێتی شەیتانی لە ڕەحمەتی خوا دەرکراو.

«نَفْخِهِ» واتە: کیبری شەیتان.

«نَفْثِهِ» واتە: شیرك بۆ دروستکردنی شەیتان.

«هَمْزِهِ» واتە: شێتی وپەرکەمی شەیتان.

٤. لە کاتی قورئان خوێندندا:[٢] پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ، إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ، إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُمْ بِهِ مُشْرِكُونَ﴾ واتە: کە ویستت قورئان بخوێنی پەنا بگرە بە خوا لە شەیتانی لە ڕەحمەت دەرکراو، بێگومان ئەو هیچ دەسەڵاتێکی ناشکێت بەسەر ئەوانەی ئیمانیان هێناوە وپشت بە پەروەردگاریان دەبەستن.

٥. هەروەها لە کاتی چونە سەر ئاو وگەرماو «الحمام»، ئەڵێی: «بسم الله، اللهُمَّ إني أعوذُ بِك مِن الخُبُثِ والخَبائث»، واتە: بە ناوی خوا، خوایە پەنات پێ دەگرم لە جنۆکەی نێر ومێ.

[2] قال ابن قيم في إغاثة اللهفان: «فأمر سبحانه بالاستعاذة به من الشيطان عند قراءة القرآن. وفى ذلك وجوه: **منها**: أن القرآن شفاء لما في الصدور يذهب لما يلقيه الشيطان فيها من الوساوس والشهوات والإرادات الفاسدة، فهو دواء لما أمَرَّه فيها الشيطان، فأمر أن يطرد مادة الداء ويخلى منه القلب ليصادف الدواء محلاً خاليا، فيتمكن منه، ويؤثر فيه. فيجىء هذا الدواء الشافى إلى قلب قد خلا من مزاحم ومضاد له فينجع فيه. **ومنها**: أن القرآن مادة الهدى والعلم والخير فى القلب، كما أن الماء مادة النبات، والشيطان نار يحرق النبات أولا فأولا، فكلما أحس بنبات الخير فى القلب سعى فى إفساده وإحراقه، فأمر أن يستعيذ بالله عز وجل منه لئلا يفسد عليه ما يحصل له بالقرآن... **ومنها**: أن الملائكة تدنو من قارئ القرآن وتستمع لقراءته.. والشيطان ضد الملك وعدوه. فأمر القارئ أن يطلب من الله تعالى مباعدة عدوه عنه حتى يحضره خاصته وملائكته، فهذه وليمة لا يجتمع فيها الملائكة والشياطين».اهـ بإختصار

چەندین جنۆکە هەیە لەکاتی چونە سەر ئاو ڕۆشتونەتە گیانی مرۆڤ، چونکە جنۆکە بەدوای فرسەتێك دەگەڕێت زەفەر بەمرۆڤ ببات، بەتایبەتی کەسێك سیحری لێکرابێت ئەوسا چاوەڕوانی بێ ئاگایی موسوڵمانەکە دەکات وزەفەری پێ دەبات.

٥. خوێندنی هەردو سورەتی الفلق: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ، مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ، وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ، وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ، وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ﴾ وسورەتی الناس ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ، مَلِكِ النَّاسِ، إِلَهِ النَّاسِ، مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ، الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ، مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ﴾ لە بەیانیان وئێواراندا.

بەڵکو پەیامبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: «باشترین شتێك کە پەناگر پەنای پێ بگرێت لە خوا ئەم دو سورەتەیە»[٣].

هەروەها بەسن بۆت لە هەمو شتێك[٤].

پەیامبەر صلى الله عليه وسلم لە کاتی خەوتندا، هەمو شەوێك هەردو لەپی دەگرت وپاشان فوی تێدەکرد و«الإخلاص» و«الفلق» و«الناس» ی تێدا دەخوێند وپاشان دەستی دەهێنا بە

---

[3] في الحديث الصحيح: «قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ وَقُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسُ مَا تَعَوَّذَ النَّاسُ بِأَفْضَلَ مِنْهُمَا». وفي رواية: «يا ابن عباس ألا أخبرك بأفضل ما تعوذ به المتعوذون؟ قال: بلى يا رسول الله، قال: ﴿قل أعوذ برب الفلق﴾ و﴿قل أعوذ برب الناس﴾، هاتين السورتين».

[4] عَنْ مُعَاذِ بْنِ عَبْدِ اللهِ بْنِ خُبَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، قَالَ: «خَرَجْنَا فِي لَيْلَةٍ مَطِيرَةٍ مُظْلِمَةٍ شَدِيدَةٍ، نَطلب رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وسَلَّم لِيُصَلِّيَ لَنَا قَالَ: فَأَدْرَكْتُهُ، فَقَالَ: «قُلْ»، فَلَمْ أَقُلْ شَيْئًا، ثُمَّ قَالَ: «قُلْ»، فَلَمْ أَقُلْ شَيْئًا، ثُمَّ قَالَ: «قُلْ»، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، وَمَا أَقُولُ؟ قَالَ: «قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ، وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ حِينَ تُمْسِي، وَحِينَ تُصْبِحُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ تَكْفِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ». رواه الترمذي وأبو داود والنسائي وحسنه الألباني.

هەمو لاشەیدا ئەوەندەی دەستی پێیدەگەیشت، لە سەر ودەم وچاویەوە دەستی پێدەکرد، ئەمەی سێ جار دوبارە دەکردەوە[٥].

